# پاش ڕاپۆرتەکەی بیکەر_ هاملتۆن
# ئەمیشمان چوو .. ئەویشمان چوو !

**بەهێز حوسێن**
**Bahez2006@hotmail.com**



هەر لەسەرەتاوە هەستم بەوە کردبوو کە ئەمریکا ڕۆژێك لە ڕۆژان کوڕی خۆی نەکردووە بە قوربانی کچی کەس و ئەو دڵدارییە زارەکییەی لە لایەن قولە ڕەشێکی وەك کۆدۆلیزا ڕایس بەرامبەر بە موو ڕەش و پیاوە گەرم و سیاسییەکانی کوردستان دەیکردن ، جگە لە دووپاتکردنەوەی (بە قوربانی کوڕی سێو لەباخەڵبم ) هیچی تر نابێت و چی لە بەرژەوەندی خۆی بێت ئەوە دەکات و کچان و کوڕانی ئێمەش ئەکاتە قوربانی یەك بۆندی نەوت ، بەڵام ئەوەی زۆر نیگەرانی ئەکردم خۆش باوەڕی سەرکردایەتی کوردبوو بەرامبەر بە بزەی دیبلۆماتکارانی ئەمریکا ، کە کار گەیشتە ئەوەی کچی خۆمانیان لێ مارە بکەین و مۆنیکایان بە دیاری پێشکەش بکەین و خوانی یاپراخ و ژەمی پڕ لە گۆشتی ئاسکیان نۆش بکەین !

سەرکردایەتی کورد زۆر بەوەدا دەنازی کە گوایە ئەمریکای لە پشتە و ئەو ڕۆژانە تێپەڕیون کە کەس حیساب بۆ کورد نەکات ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە و بۆ دڵڕازیکردنی پێست سوورەکانی ئەمریکا ، چاوڕەشە سوننە و شیعەکانی عێراقیان فەرامۆش کرد و ئەوەندە بە کۆشکی سپیدا دەنازین کە دەیانوت : ئەگەر ئەمریکا هاوڕێیەتیشمان قبوڵ نەکات ئێمە هەر خۆمان بە هاوڕێیان دەزانین .

کاك مەسعوود کە لە باوباپیرییەوە مارانگەزی دەستی ئەمریکا بووە و مام جەلالیش کە لە ئابی 1996دا ئەمریکای باش هەڵسەنگاندبوو ، خۆش باوەڕانە و نیازپاکانە بە خاوخێزانەوە بە مێژوو کلتوور و دەسەڵات و خوێنی شەهیدان و تەواوی گەلەوە خۆیان خزاندە باوەشی هەزاران جەستە تەزیوو دیوی ئەمریکاوە و هەرچی خەون و خەیاڵ و پرۆژەی نەتەوایەتی و نیشتمانێتیمان هەبوو خرایە خزمەت مارێنزەوە ئەمە خوایە ئەمریکا مەرحەبامان لێنەبڕێت و ئەگەر دەستی کردەوە بە نەخشەکێشانی ناوچەکە کورد و کوردستانی بیر نەچێت .

دوای ئەم هەموو خۆبردنە پێشەوەی کورد و لە خۆکردنی عەرەبی عێراقە ، بیکەر و هاملتۆن هاتن و بە بێئەوەی تەنانەت سڵاوێك لە قەڵای هەولێر و پیرەمەگرون و سۆلاڤ بکەن ، هەگبەیەك پێشنیازیان دەربارەی عێراق بردەوە بۆ کۆشکی سپی و ئەوەی لە کولەکەی تەڕی سیاسەت و ستراتیژەکانیاندا حیسابیان بۆ نەکردبێت کورد و هەرێمی کوردستانی عێراق بووە ، بەڵکو لەمەش زیاتر داوایانکردووە دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمە کەمتر بکرێتەوە و باسی کەرکوکیش نەکرێت تا ئەوکاتەی خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان ئەیکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان .

ئێستا کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەمەی دیوە تووشی شۆك هاتووە و وەك چۆن گلەیی لەماڵە خەزووران دەکرێت ئاوا گلەیی لە ئەمریکا و پیرە بۆش ئەکەن کە چۆن دەبێت ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ بکەن لە کاتێکدا ئەمان ئەوەی هەیانبووە و نەیانبووە کردوویانە بە قوربانی مارێنزێکی هەڵاتووی فەلوجە !

بەڵام وادیارە پەلە قاژێکان داد نادات و ئەبێ بیر لە شتێکی تر و شێوازێکی نوێی مامەڵە بکەینەوە ، کاك مەسعوود خۆیشی بە ئاشکرا دەڵێت کە ئەوەی بیکەر بە تەلەفۆن پێی وتووە شتێك بووە و ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە شتێکی ترە !

ئای چەند مایەی نیگەرانییە کورد بە تەلەفۆن و نامە و سەردانی یەکدوسەعاتی پرۆژە و خەونی بوون بە دەوڵەت و کوێخایی خۆی لە عێراقدا بدۆڕێنێ ، بەڵام دۆخەکە زۆر لەوە هەستیارترە کە داخی بۆ بخۆین و کاتی ئەوە هاتووە کە کاردانەوەی خێرای ژیرانەمان هەبێت و بزانین چۆن ئەمریکا ناچار بکەین کە گوێمان لێبگرێت و حیسابمان بۆ بکات ، تازە کاتی ئەو گلەییانە بەسەرچوون بڵێین : بیرتان چوو کە ئێمە لەبەرخاتری ئێوە کەرکوکمان تەسلیم بە قەدەر کردەوە و بەژداری نووسینەوەی

دەستوورمان کرد؟ بیرتان چوو چوار ملیۆن کوردمان بۆ خەفە کردن و ناڕازیبوونی ئەوان لە ئێوەمان بە خۆماندا تەقاندەوە ؟ لەبەر خاتری خاتران سوننەمانە کرد بە دوژمنی خۆمان و یەك دونیا تیرۆرستمان بۆ گرتن و پێشمەرگەمان کردە قەڵغانی مارێزەکانتان ؟

کاتی هەموو ئەو گلەییانە بەسەرچوون و ڕاپۆرتەکەی ( بیکەر ـ هاملتۆن ) لەبەردەم ئەگەری جێبەجێکردندایە و کوردیش ئەتوانێت ئەگەر وەکو ئێرانی پێنەکرێت ئەوەندەی مەشعان جبووری لەدەست بێت و جۆرەها فەلووجە بێنێتە ئاراوە و حکومەتەکەی مالکی کە ئێستا تەنها بەکوردەوە ماوە ، بیڕوخێنێت و ئاشبەتاڵ بە ئەزموونە هەمیشە لە ئینعاش کەوتووەکەی عێراق بکات .

کاتی ئەوە هاتووە کە خۆمان بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادەبکەین و بڕیار بدەین لەگەڵ عەرەبەکاندا بمێنینەوە یان لەگەڵ ئەمریکا ، چوونکە وا دەردەکەوێت کە سیاسەت و بۆچوونەکانمان هەڵەبوون و خەریکە لە هەردوو جەژنەکە دەبین ، دواتر هیچ ئاخ و ئۆف و ئاشبەتاڵێك دادمان نادات و کوردیش بەبەریەوە نەماوە ئەو گۆڕانییە دووبارە بکاتەوە و بڵێت لە نەزانی سیاسیەکانماندا ، ئەمیشمان چوو ... ئەویشمان چوو !.